کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

22-11-2007 23:29بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**دواسەرنجم بۆمەریوان نەقشبەندی ... جەمال فەتاح**




نوسینەکەتم لە کوردستان نێت خوێندەوە، من هیچ نالێم دەر بارەی خۆم بەلآم برۆ لەسەنگەر بپرسە لەتفەنگ بپرسە لەهەمو چیاکانی کوردستان بپرسە لەهەمو هێزی پێشمەرگەی کوردستان بپرسە جەمال فەتاح کێیە؟، باسی هەڵچونوکەفوکوڵی منت کردووە دڵنیابە من چەند بەلای راستییەکانداچوم هیچ بەلای هەڵچوندا نەچوم، جەنابت فەرموتە من تازە نوسەرم بادڵنیابیت من تازە نوسەرنیم لەساڵی 1977 وە خەریکی نوسینم نوسینەکانی سەردەمی شاخم لەبن ناوی سەرکێودا وتارەکانم وهۆنراوەکانم لەئەدەبیاتی شاخدا بلآوبووەتەوە کەئێستاش نازناوی هۆنراوەکانم سەرکێوە تازەنوسەریش هیچ عەیبێکینییە بۆکەسێک هەموتەمەنی خۆی بۆخەباتی گەلەکەی تەرخان کردبێت، وەجەنابت نوسیوتە کەمن ناحاڵیم من باوەڕ ناکەم کەسێک 30 ساڵ خەبات وپێشمەرگایەتی سەختی شاخی کردبێت دووجار بریندار بووبێت ودەیان وسەدان جاریش لەمەرگ گەڕابێتەوە لەهەمان کاتدا پێشمەرگەیەکی روناکبیر بێت ودەیان کۆڕوسەمیناری گرتبێت وهەشت ساڵیش لەئەورووپابێت کەسێکی ناحاڵیبێت، بۆیە نەدەبوو رێگا بەخۆت بدەیت نابەرپرسانە بنوسیت، یان نوسیوتە جەمال فەتاح زۆربەحەماسەتەوە لەپایتەختی بەریتانیاوە هەستی کوردایەتی جولآوە، منێک تاسەر مۆخ دژایەتی رژێمی بەعسمکردووە منێک لەهەموتەمەنمدا لەخانەی خیانەتدا خۆم نەبینیوە منێک لەساڵی 1976تاکوساڵی 2000 چەکی شەرەفی پێشمەرگایەتیم لەشاندابووە، لەساڵی 2000هەموکوردی باشور فیشەکی بەسەردا نەتەقیوە تاکوئێستاش، کەهاتوشم بۆدەرەوە بەڵێ بۆعیلاج بوو بەلآم لەداخی دزوجەردەو گەندەڵکارەکانی هاوشانی تۆ هاتوومەتە دەرەوە وکوردستانم بەجێ هێشتووە، پاشان لەخۆت ئەپرسم ئەوەویژدانە بەمن بڵێیت زۆربەحەماسەتەوە لەپایتەختی بەریتانیا پاڵیداوەتەوەوهەستی کوردایەتی جولآوە؟، باسی ئەوەت کردووە کە چەند تاوانبارو جاش ومستەشار لەژێر سایەو باڵی پارتی ورێبازی بارزانیدا خۆیان حەشارداوە بۆئەمەشیان ئەبێت پێت بڵێم نوسەری راستەقینە شایانی ئەوەنییەکە کاڵفامانە بنوسێت وهەڵەی ئاوازەق بکات چونکە ئەوقسەیە قسەی سایتی درۆکانە کە بەسایتی سەگ وەڕ ناسراوەو دوژمنانی رێبازی کوردایەتی وپارتی وبارازنین، چونکە وانییە هیچ خائین وخۆفرۆشێک لەژێر باڵی ئەواندا نییە، بەلآم فەرمانی رووداوەکان ئەوبارودۆخەی سەپاندووە بەسەر ئەوان وهەموکرددا کە جاش وخۆفرۆش دەستکاری نەکرێت تاکاتی خۆیاندێت، من وتۆو هەموکورد ئەزانین کەکاتێک ئێمە لەشاخ بووین ژمارەی جاش سەدان بەرا نبەری ژمارەی پێشمەرگەبوو بەتایبەتی سەرەتای هەشتاکان تا راپەرین وەکورد بەئێستاشەوە ناپاکی زۆرترە لەپاکی، ئەگەر هەمویان بکوژی یان سزابدەیت دەبێت هەموکورد راکێشێت بۆدادگا ئەمەش کارێکی محاڵە، لەلایەکیتر هەرلەوکاتەی کەباسی دادگای ئەنفال کرا ژمارەیەکی زۆر لەجاش ومستەشارەکان هەڵهاتن ورویان لەتورکیاو سوریاو ئوردەن کردو لەهەوڵی ئەوەدابوون کەدوژمنانی نەتەوەی کورد وقەوارەکەی چەکداریان بکەن دژی قەوارەی باشوری کوردستان، بۆیە سزادانی ئەوانە لەم سەردەمە ناسک وهەستیارەی باشوری کوردستاندا تەنها بەقازانجی دوژمنان وزیانی کورد تەواودەبێت، بۆیە بیر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

22-11-2007 23:29بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

کردنەوەی کاڵفامانەو نابەرپرسانە کاری مرۆڤی ڕۆشنبیر نییە، وە ئەوە تەنها دوژمنانی پارتی وبارزانین کە فولەو جۆرە ئاگرە نەزۆکە ئەکەن نەک دۆستی دۆزی کوردو خەڵکی شۆڕشگێڕ، لەبڕگەیەک دا وتوتە تۆبە چی سیفەتێک خەڵک دەدەیتە دادگا؟بۆئەمیان بەجەنابت ئەڵێم هەر کوردێک سوکایەتی بەمستەفابارزانی وخەبات وتێکۆشانی بکات نەک پێویستە بدرێتە دادگاو سزای خۆی وەربگرێت بەڵکودەبێت شەرفی کوردبوونیشی لێوەربگیرێتەوە، هەرکوردێکیش بەرگری لەوکەسانەبکات کەسوکایەتی بەمستەفابارزانی وبنەماڵە شۆڕشگێڕەکەی بکات ئەویش دەبێت بدرێتە دادگای گەل، وەمن یەکێکم لەوکەسانەی کەلەسەر ئەوسایتە گومانلێکراوەو بەڕێوەبەرانی لەدادگای باڵای هەولێر داوام لەسەر تۆمارکردون، ئەی جەنابت بەچی سیفەتێک بەوکەسایەتە هەرزانانە ئەڵێیت ئێوە لەڕوانگەی دڵسۆزیتان ئەوکارە ئەکەن وە بوویتە پارێزەر بۆیان وداوەرییان بۆئەکەیت؟کامە دڵسۆزی؟کاک مەریوان، ئایا کاک مەریوان جنێوو سوکایەتی کردن بەکەسایەتییە شۆڕشگێڕە کان وبەسرکردە سیاسییەکان بەسرکردەی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد دڵسۆزییە؟یان تاوان؟ئەوەخۆت لەخۆت بپرسەو وەڵامی خۆشت بدەرەوە، لەبڕگەیەکدا باسی خانوت کردووە بەسنییە تۆخانوێکی سەد مەتریت هەیە خۆمن تەنها خانوێکی بێتاپۆم هەبوو کە بەپارە کڕیبووم بەئێستاشەوە لەسەر پارتی لەلایەن عەلی فەتاحی برای عومەر فەتاحەوە لەسلێمانی لەگەڕەکی ئاشتی لێم داگیر کراوەو کەسیش هیچ ژماردنێکی بۆنەکردوم ئەوجا بزانە من ستەملێکراوم یان جەنابت تەنها لەڕوی خانوو.

بابێمەسەر باسی جەنابیشت تۆکاتێک کەشێخێکی نەقشبەندی وەزیری ئەوقافی هەرێم بوو جەنابیشت ئەو پلەیەت لەوکاتە وەرگرت جانازانم بەمحسوبییەت بوو یان هەر شایانی ئەو پلەیەبوویت؟ئەوکاتە. وەکاتێک کەجەنابی وەزیریان گۆڕی کاتی یەکگرتنەوەی دووئیدارەکە نەدەبوو جەنابیشت بگۆڕن لەبەر دووهۆ یەکەم لەبەر خاتری جەنابی وەزیرو دووەمیش دەبووە ئینقلاب لەسەر نەقشبەندی، یان باسی دەساڵ ڕۆژنامەنوسی خۆت بەخەبات بەمن ئەفرۆشیت کاکی برا هەزاران ڕۆژنامە نووس لەمن ولەجەنابیشت بەتواناتر هەیە وهیچ پلەیەکی نییە ولەوانەشە هیچ موچەیەکیشی نەبێت، منیش ئەوە هەشت ساڵ زیاترە موجەی هیچ کەسو لایەک وەرناگرم وکۆڵێشم لەخەبات وتێکۆشان نەداوە.

باسی باوکت ئەکەیت کەپێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلولی مەزن بووە لەسەر سەرم بەڵام کاک مەریوان باوکت بۆخۆی خەباتی کردووە وتۆش پێویستە بۆخۆتبکەیت، پێشم خۆشە جەنابیشت خەبات وتێکۆشانی خۆتم بۆبنوسیت ئەگەر هەتە.

لەکۆتایدا منیش ئەڵێم هیوادارم جارێکیترخەڵک بناسیت ئەوسا بیدەیتە بەر نووسینو وتەی هەرزان، چونکە لەنوسینەکەی مندا هیچ سوکایتییەک بەتۆنەکراوە ڕەقترین وشەم بۆتۆئەوەیە بەنامەکەت کەبۆسایتی درۆکان نوسیوتە وتومە لەرزۆک، بەقەد هەموتەمەنی تۆش خەباتم بۆکورد کردووەو زیانی زۆریشم کردووەوهیچ پاداشتێکم لەهیچ کەس وەرنەگرتووە وچاوەڕوانی پاداشتیش لەهیچ کەس ناکەم.

براتان/

جەمال فەتاح

لەندەن

2007/11/22

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.